# ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ
# بەدواداچوون لەسەر راپۆرتی ساڵانەی
# خۆی دەکات




بۆ بەدواداچوونی راپۆرتی ساڵانەی خۆیان و چۆنیەتی گۆڕانکارییەکان لە رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان وەفدێکی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ کە پێکهاتبوو لە خاتوو سارە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا و مایك ئیزنەر راوێژکاری رێکخراوەکە و ندیم حوری توێژەرەوە لەبواری مافەکانی مرۆڤ بۆ ئەم مەبەستە سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان-یان کردو لەلایەن د.شوان محەممەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازیان لێوەکرا.

لەسەرەتادا بەپێی دیکۆمێنت و راپۆرتەکان وەزیری مافی مرۆڤ بەدرێژی باسی لەو کارانە کرد کەکراوە بۆ بەرەوپێشەوە بردنی رەوشەکەو دەستنیشانکردنی پێشێلکارییەکان و بەدواداچوون و لێپێچینەوە کردن لەسەریان و بەستنی کۆڕو سیمینار لەم رووەوە بەبەشداریکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە پسپۆڕانی مافی مرۆڤ...

هەروەها ئاماژەی بە بڕیاری لێبوردنی گشتی‌دا کە لەم دواییانەدا بەبڕیارێك لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەرچوو و ژمارەیەکی باش لە زیندانیەکان سوودیان لێ بینی و گەڕانەوە ناو کۆمەڵگا تاکو وەکو هاوڵاتیەکی ئاسایی لەمەودوا ژیانی خۆیان بەڕێوە ببەن٠

لەبەرامبەردا خاتوو سارەو وەفدە یاوەرەکەی رێکخراوی چاودێری کردنی مافەکانی مرۆڤ باسیان لەو راپۆرتە کرد کە لەسەردانەکەی ساڵی رابردوو لەمەڕ رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان ئامادەیان کردبوو کەتیایدا هەندێ مەسەلەی تیا وروژابوو بەتایبەت لەڕووی ئەشکەنجەدانی زیندانیان و چۆنیەتی گوزەران لەبەندیخانەکان و رەوشی پاراستنی مافەکانیان٠

هەر لەم دانیشتنەدا وەفدی میوان ئەوەشیان خستە روو کەلەساڵی رابردوو ژمارەیەك خەڵك گیرابوون و ماوەیەکی زۆربوو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ نەکرابوو٠٠٠

لەهەمان کاتدا رێکخراوەکە دەرکردنی بڕیاری ئەم دواییەی لێبوردنی گشتی بەگرنگ زانی و بەجۆرێك لە پێشکەوتنی وەسفکرد٠

ئینجا وەزیری مافی مرۆڤ بۆ روونکردنەوەی ئەم باسانە رایگەیاند:

کە هەنگاوی چاکنراوە بۆ مەسەلەی دوانەکەوتنی دادگایی کردن ئەویش بەدانانی (دادوەری گشتی) لە بەندیخانەکان و چاودێری کردنی تەواو لەسەر رەوشی مافی زیندانیان و بەبەردەوامی سەردانیکردنی بەشی بەندیخانەکان لەدیوانی وەزارەت بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی٠

خودی وەزیر لەئاماژەیەکی دیکەدا لەمەڕ مەسەلەی ئەشکەنجەدانی زیندانیان و ریگەگرتن لە دیتنی کەسوکاری زیندانیان روونیکردەوە کەلەو راپۆرتانەی دەگاتە وەزراەت هیچ یەکێك لەم بڕگانەی تیا نەهاتووە و کەسیش سەردانی نەکردوین بەمەبەستی سکاڵاکردن کە لەدیوانی وەزارەت بەشی سکاڵا هەیەو لەشارەکانی کوردستان-یش سەندوقی سکاڵامان داناوە لەسەرەوەی کەلەبەندیخانەکان ئەشکەنجە درابێ٠٠٠

ئەم دیدارە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند٠